
# کارامەییە ئەکادیمییەکان
# Academic Skills
# المهارات الأكاديمية



قۆناغی یەکەم

پ.ی.م.هەردەوان مەحمود

# گرنگی ئەم بابەتە

- ئەم بابەتە تایبەتە بە پەرەپێدانی توانا و بەهرەکانی خوێندکاران لە ئەنجامدانی گفتوگۆ و دیبەیتی ئەکادیمی.
- بابەتەکانی ڕاهێنانە کەچۆن سەرچاوەکانی زانیاری بەکار بهێنین بۆ گفتوگۆی ئەکادیمی، چۆن مەعریفە بەرهەم دەهێنرێت، بە تایبەت چۆن پرسیاری زانستی دروست دەکرێت و چۆن بە میتۆدی زانستی وەڵامی پرسیارەکان دەدرێتەوە. هەروەها فێرببین کە چۆن ڕای جیاوازی بەرامبەر قبوڵ بکەین وریزی لێبگرین و چۆن ئارگیومێنتی زانستی ئاراستە بکەین.
- لەم بابەتەکاندا فێر دەبین کە بە لۆجیک و تێڕوانینی ڕەخنەیی دەقەکان وتێڕوانینەکان بخەینە ژێر پرسیار و شرۆڤەی بکەین. هەروەها ڕاهێنان کە سەرچاوەکانی زانیاری لە دەوڵەمەند کردنی گفتوگۆ زانستییەکان بەکار بهێنین.
- لەم بابەتەوە فێر دەبین کە چۆن بە شێوازی زانستی سەیری کێشەکانی وولات بکەین و چۆن بە میکانیزم و میتۆدی زانستی پێشنیازی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکان پێشکەش بکەین.

# ئامانج لەم بابەتە

- بەهێزکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و دەربڕینی لۆجیکیانە و متمانە بەخۆبوون لە دەربڕین و گوزارشت کردندا.
- ڕێزگرتن لەو جیاوازییانەی کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیە.
- پشت بەستن بە سەرچاوەی متمانە پێکراو بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە و ئارگیومێنت بەشێوەیەکی چالاك و ڕەخنەگرانە.
- ئامادەکردن و ئەنجامدانی گفتوگۆی لۆجیکی کە سوودی بۆ کۆمەڵگە هەبێت.
- نیشاندانی هزرو بیرکراوەیی لە بەرامبەر بیروڕا جیاوازەکان و ئامادەیی بۆ گۆڕانکاری لەبیروڕای خۆتدا.

# Skills كارامەیی

- ئەوەیە کە کارێك زۆر بەوردی و دیاریکراوی ئەنجام بدەیت و هەروەها خێرایی لە جێبەجێ کردنی.
- هي التمكن من انجاز مهمة بكيفية محددة وبدقة متناهية، وسرعة في التنفيذ.
- A skill is the learned capacity to carry out pre-determined results often with the minimum outlay of time, energy, or both.

# چۆن بیربکەینەوە و چۆن گفتوگۆبکەین؟

- بیرکردنەوە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازە بەپێی چالاکییە هزرییەکانی.
- بیرکردنەوە کارامەییەکی مرۆییە دەکرێ بەڕاهێنان پەرەی پێدرێت.




# 1.کەڵک وەرگرتن لە(محاضرة) Note tacking

توێژینەوەکان سەلماندوویانە 80%ی قوتابییەکان پاش تێپەڕبوونی 2هەفتە بەسەر وانەکان هەموو ئەو زانیارییانەی گوێبیستی بوون لەبیری دەکەن، پاش تێپەڕبوونی 4هەفتە 95%ی زانیارییەکان لەبیردەکەن.

<u>ستراتیژییەتی سەرکەوتووانە بۆ تۆمارکردنی وانە</u>

- سەرنجدان بەدرێژایی ماوەی وانەکە.
- گوێگرتن بەباشی بۆ دەستنیشانکردنی خاڵ و بیرۆکە سەرەکییەکان.
- خۆئامادەکردن بۆ وانەکە بەر لەهاتن بۆ وانەکە.
- بیرۆکەکان بە دەربڕین و زمانی تایبەتی خۆت تۆمار بکە.
- دانانی بۆشایی لەنێوان بیرۆکە جیاوازەکان.
- بەکارهێنانی هێما بۆ وشە دووبارە بووەکان.
- بەکارهێنانی هێڵکاریی (وەکو نەخشەی ڕوونکردنەوەی چەمکەکان).

# ئایا ئێمە بیرکەرەوەیەکی باشین؟



# جۆرەكانی فێربوون (Learning Process)

دوو ڕێگای جیاواز بۆ فێربوون لە ژیانی ڕۆژانەماندا:

1. **مامۆستا چەقی فێركردن بێت**(Teacher Centered): فێركردن بە یەك ئاراستە، لە مامۆستاوە بۆ قوتابی.(قسە بۆ كردن)

2. **قوتابی چەقی فێركرن بێت**(Student Centered): فێركردن بە دوو ئاراستە، لە مامۆستا بۆ قوتابی و لە قوتابی بۆ مامۆستا(قسە لەگەڵ كردن)








# کارامەیی بیرکردنەوە(Thinking Skills)

1. **کارامەیی بیرکردنەوەی بنەڕەتیی(Lower-order Thinking Skills)**
- بیرهاتنەوە(Remember).
- تێگەیشتن (Understanding).
- جێبەجێکردن(Appalling).

2. **کارامەیی بیرکردنەوەی باڵا(Higher-order Thinking Skills)**
- شرۆڤەکردن و چارەسەری کێشەکان (Analyzing & Problem-solving).
- هەڵسەنگاندن و بریاردان (Evaluating & Decision-making).
- بونیادنان (Creating).

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە(Critical thinking)

# بیربکەرەوە و پاشان وەڵام بدەرەوە

- ئایا سیستمی دیموکراسی هەمووکات باشترینە؟
- ئایا پیاوان لە خانمان باشترن؟
- ئایا جوانی ناخ لە جوانی ڕواڵەت گرنگترە؟
- ئایا ئاینی ئیسلام لە ئاینەکانیتر باشترە؟
- ئایا لە بڕیاردانددا هەمووکات بڕیاری زۆرینە باشترینە؟

# بیربکەرەوە و پاشان وەڵام بدەرەوە

- ئەگەرلۆجیکی بیرنەکەینەوە چۆن دەتوانین سەربەخۆبین؟
- ئەگەر ڕەچاوی بەهاکان نەکەین، چۆن دەشێ بەشتێك بڵێین ڕاست و بەشتێکی دیکە بڵێین ناڕاست؟
- ئەگەر ئازادانە بیرنەکەینەوە چۆن دەتوانین بەرپرسیاربین؟ چۆن دەتوانین هەڵگری بیرکردنەوەی خودی بین؟
- ئەگەر لە بیرکردنەوەو دەربڕیندا سەربەخۆنەبین، چۆن دەتوانین سەرکردایەتی بکەین؟

# بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (Critical Thinking)

- توانایەکە بۆ بڕیاردان لەسەر بابەتەکان و تێگەیشتنیان و هەڵسەنگاندیان بەپێی چەند پێوەرێکی دیاریکراو لەڕێگەی تێبینیکردن، ئاراستەکردنی پرسیار، بەراوردکردن، پشکنینی «ئارگیومێنتەکان» و (logical reasoning).
- مەبەست لەبیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە قووڵبوونەوە و تێڕامانە لە ڕاوبۆچوونێك یان چەند ڕاوبۆچوونێك، بەمەبەستی ووردبوونەوە و بەدواداچوون لەسەر بۆچوونەکە و هەروەها کۆکردنەوەی بەڵگەو پاساو«ئارگیومێنت» بەشێوەیەکی بابەتییانە و بێلایەنانە لەسەری و پاشان بڕیاردان لەبارەیەوە بەپشت بەستن بەچەند پێوەرێکی دیاریکراو.
- ڕاوبۆچوونیش دەکرێ: بابەتێك، یان هەواڵێك، یان چیرۆکێك، یان بانگەشەیەك یان ڕووداوێك بێت.
- بۆ ئەوەی قوتابییان ڕابهێنین لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە گونجاوترین نمونە بریتییە لە جیاکردنەوەی (ڕاستیی) لە (ڕاو بۆچوون)، هەروەها (زانیاری پەیوەندیدار) لە (زانیاری ناپەیوەندیدار) بە بابەتەکەوە.

# (Fact & Opinion) (ڕاستیی) و (ڕا و بۆچوون)

- **ڕاستیی:** چەمکی ڕاستیی ئاماژەیە بۆ شتێك کە دەتوانرێ بسەلمێنرێ یاخود گوزارشتە لە واقع کە هەمووان کۆکن لەسەری، دەکرێ بەسەرنجدان پێی بگەین و دڵنیاببینەوە لە ووردی و دروستی.
- بۆ نمونە (ژمارە 9 گەورەترە لە ژمارە 8)، وشە پێکدێت لە ناو و فەرمان و پیت.
- **ڕا و بۆچوون:** دەربڕینێکە گوزارشت لە تێڕوانینی کەسێك دەکات، یاخود گوزارشتە لە تێگەیشتن یان بیروباوەڕ یان هەستی کەسێك، دەکرێ باوەڕی پێبهێنین و لەگەڵی هاوڕا بین یاخود هاوڕا نەبین و لەدژی بین.
- بۆ نمونە: (پسپۆری ژمێریاری لە پسپۆری ڕاگەیاندن باشترو پەسەندترە)،
- (وانەی «تدقیق» لە وانەی «مبادیء الاقتصاد» ئاسانترە).

# کام لەمانە (ڕاستیی) یان (ڕا و بۆچوون)ن؟

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە چەند ڕاهێنانێکی سادەن بۆ قوتابییان تاوەکو فێربن جیاوازی بکەن لەنێوان ڕاستیی و ڕاوبۆچوون:

- پیشەی ڕۆژنامەنووسی تاکە ڕێگەی سەرکەوتنە لەژیان.
- هەموو تۆمارێکی ژمێریاری لایەنی (دائن)و (مدین) تێدایە.
- زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.
- کەرتی پیشەسازی بایەخی لە کەرتی کشتوکاڵ زیاترە.
- دەرفەتی دامەزراندن بۆدەرچووانی بەشی ژمێریاری لەبەشی کارگێڕی زیاترە.
- لە کاری ژمێریاریدا بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وردترە لە بەکارهێنانی دەست.
- ئاینی ئیسلام لە هەموو ئاینەکان ڕاستترە.
- لە فەلسەفەی ڕەوشتدا «دێنتۆلۆجی» لە «پراگماتیزم» باشترە.

# کارامەیی نووسینی ڕاپۆرتی ئەکادیمی(Report)

**ڕاپۆرت:** بریتییە لە خستنەڕووی واقیعی بابەتێك بەتێروتەسەلی لەڕێگەی وردبوونەوسەرنجدان یان ئەنجامدانی یاخود توێژینەوە لێی. واتە ڕاپۆرت دۆکیومێنتێکی فەرمی و ڕێکخراوە کە ئامادە دەکرێت لەپێناوی وەڵامدانەوەی پرسیارێك یاخود چەند پرسیارێکی دیاریکراودا.

- **نووسەر ڕاپۆرت ئامادە دەکات و دەینووسێ بەمەستی گەیاندنی زانیاری یان بەمەستی خستنەڕوو و شیکردنەوەی بۆچوونێک یاخود بەمەبەستی باوەڕپێهێنانی جەماوەر بە بابەتێک.**
- **ئەو خاڵانەی کە لەکاتی نووسینی ڕاپۆرتدا، نووسەر دەبێت لێیان ئاگاداربێ:**

1) زانیاری و تێگەیشتنی باشی هەبێت بۆ ئەو بابەتەی کە لەسەری دەنووسێ.
2) دەبێت ئامانجەکانی نووسینەکەی بزانێ.
3) دەبێ ئاشنا بێت بەو جەماوەرەی کە ڕاپۆرتەکەیان بۆ دەنووسێ.

# سیمینار (Seminar)

1) بیرۆکه (Idea).
2) ناونیشانی سیمینار(Topic).
3) سڵاوکردن و خۆناساندن.
4) دەستپێکی سیمینارو خستنەڕووی سەرەنجەکان.
5) ئەنجام.
6) کردنەوەی دەرگای پرسیار.
7) سوپاسی ئامادەبووان و کۆتایی پێهێنان.

# (Report Structure) پێکهاتەی ڕاپۆرت

1) ناونیشان و ئامادەکار (Title & Author)
2) پێشەکی (Introduction)
3) ئامانج و مەبەست لە ڕاپۆرت (Purpose of report)
4) سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری (Sources of Data collection)
5) جەوهەر و کرۆکی ڕاپۆرتەکە (Body of report-detailed discussion)
6) پوختە یان دەرئەنجامەکان (Conclusion or summary)
7) سەرچاوەکان (Reference)

# ناونیشان و ئامادەکار (Title & Author)

- ئەم بەشە لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان دەکرێت و پێویستە لاپەڕەکە ئەم زانیارییانە لەخۆ بگرێت:

1) ناونیشانی زانکۆ،کۆلێژ، بەش، قۆناغ (لە بەشی سەرەوەی لای ڕاستی پەڕەکە)
2) لۆگۆی دامەزراوەکە زانکۆ و یاخود پەیمانگە (لەبەشی سەرەوەی ناوەڕاستی پەڕەکە)
3) ناونیشانی تەواوی ڕاپۆرتەکە (لەناوەراستی پەڕەکە)
4) ناوی سیانی ئامادەکاری ڕاپۆرت (لە ژێر ناونیشانی ڕاپۆرتەکە)
5) ناوی سەرپەرشتیار
6) ساڵی خوێندن

# پێشەکی (Introduction)

1) پێشەکی ڕاپۆرت پێکدێت لە کورتەیەك لەسەر ڕاپۆرتەکە کە مەرجە سێ بڕگە لەخۆبگرێت.

1. بڕگەیەك تایبەت بێ بەناساندنی ناونیشانی ڕاپۆرتەکە.
2. بڕگەیەك تایبەت بێ بە خستنەڕووی ئامانج و مەبەستی ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە.
3. بڕگەیەك بەشەکانی ڕاپۆرتەکە بەپێی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە بخاتە ڕوو.

# (Purpose of report) ئامانج و مەبەست لە ڕاپۆرت

نووسەر ڕاپۆرت ئامادە دەكات و دەینووسێ بەمەستی گەیاندنی زانیاری یان بەمەستی خستنەڕوو و شیكردنەوەی بۆچوونێك یاخود بەمەبەستی باوەڕپێهێنانی جەماوەر بە بابەتێك.

# سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری
# (Sources of Data collection)

- داتاو زانیارییەکان بە دوو ڕێگا بەدەست دێن: یان کەسەکان خۆیان ڕاستەوخۆ داتاکان بەدەست دەخەن، یان لە ڕێگەی دامەزراوەی تایبەتمەند بە کۆکردنەوەی داتاو زانیاری.
- سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پۆلێن دەکرێن بۆ دووجۆر:

**یەکەم: سەرچاوە باوەکان** (Traditional Resources)

1. سەرچاوە بنەڕەتییە ڕاستەوخۆکان (Primary of the Sources)

ئامار (Documents & Records)، چاوپێکەوتن (Interviews)، فۆرمی ڕاپرسی (Questionnaires & Surveys)، سەردانی مەیدانی (Focus Groups)، تێبینیکردن (Observations)

2. سەرچاوە لاوەکییە ناڕاستەخۆکان (Secondary of the Sources)

(کتێب، گۆڤارە زانستییە متمانە پێکراوەکان، داتاو ڕاپۆرتە فەرمییەکان)

**دووەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان** (Electronic Resources)

(کتێبە ئەلیکترۆنییەکان، بابەتی وێبسایتەکان، داتابەیسە فەرمییەکان)

# پێکهاتەی ڕاپۆرت (Report Structure)

1) ناونیشان و ئامادەکار (Title & Author)
2) پێشەکی (Introduction)
3) ئامانج و مەبەست لە ڕاپۆرت (Purpose of report)
4) کەرەستە بەکارهاتووەکانی کۆکردنەوەی زانیاری.(Data collecting tools)
5) جەوهەر و کرۆکی ڕاپۆرتەکە (Body of report-detailed discussion)
6) پوختە یان دەرئەنجامەکان (Conclusion or summary)
7) سەرچاوەکان (Reference)

# Debating & Argumentation گفتوگۆکردن و بەڵگەدروستکردن

- **دیبەیت:** بریتییە لە گفتوگۆکردنێکی فەرمی دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو لە بەیەککگەشتنێکی ئاشکرادا لەنێوان دوو لایەنی ناهاوڕادا.

- **ئارگیومێنتەیشن:** پرۆسەی پێکهێنانی هۆکارەکانە لە دروستکردنی بەڵگە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاو بۆچوونەکان. هەروەها پوختەکردنی ئەنجامەکان بەئامانجی باوەڕپێهێنانی بەرامبەر.

# هونەری لێک تێگەیشتن و گفتوگۆکردن

دە بنەمای گرنگی گفتوگۆکردن، کە بناغەی هونەری قەبوڵکردنی جیاوازی و پێکەوە ژیانی ئەرێنییە لەنێوان مرۆڤەکاندا. گرنگە ئەم ڕەچاوی ئەم بنەمایانە بکەین لە گفتوگۆکردندا:

1- من تۆ نیم.

2-مەرج نییە قەناعەتت بەوە هەبێت، کەمن قەناعەتم پێیەتی.

3- پێویست نییە تۆیش هەمان ئەوە ببینی، کە من دەیبینم.

4- جیاوازی شتێکی سروشتییە لەژیاندا.

5- ئەستەمە بتوانی هەربابەتێك لەهەموو ڕەهەندە جیاوازەکانییەوە ببینیت.

6- ناسینی خەڵک بۆ پێکەوە ژیانە لەگەڵتدا، نەک بۆ گۆڕینیان.

7-جیاوازی جۆرەکانی خەڵک پۆزەتیڤەو بۆ یەکتر تەواوکردنە.

8- ئەوەی تۆ بۆی دەگونجێت لەوانەیە من بۆی نەگونجێم.

9- هەڵوێست و ڕوداو جۆری مرۆڤەکان دەگۆڕێت.

10- تێگەشتنم لە تۆ واتای قەناعەتم نییە بە قسەکانت.

# Components of an Argument



# Components of an Argument پێکهاتەکانی بەڵگەدروستکردن

- قوتابییان ئاشنابکرێن بەوەی کە ئارگیومێنتی تەواو دەبێ سێ پێکهاتە لەخۆ بگرێت:

1. ئەو ڕایەی کە دیبەیتەر بە جەماوەری دەگەیەنێت (Statement of Possible truth)

واتە قوتابیان ڕابهێنرێن لەکاتی دیبەیت کردندا بەو ئەنجامگیرییە دەست پێبکەن کە پێی گەیشتوون: جگەرەکێشان زیانی کەمترە لە نێرگەلە کێشان

2. پاڵپشتکردنی بۆچوونەکەت (Supported for the Statement)

گرنگە قوتابیان ڕابهێنرێن کاتێك بۆچوونێك دەخەنەڕوو توانای پشتیوانی کردنی ئەو بۆچوونەیان هەبێت بە پشتڕاستکردنەوەی زانستی نەك بەبیروباوەڕ (ئاماژەدان بەتوێژینەوە، ڕاپرسی، داتای کۆکراوە). بەپێی توێژینەوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیWHO کێشانی نێرگەلەیەك=کێشانی 100جگەرە

3. بایەخی ئەم بۆچوونە لای جەماوەر ( Explanation of why the audience should care about the Statement)

بەخستنەڕووی بایەخی بۆچوونەکەت ئەوە بەجەماوەر دەگەیەنیت بۆچی ئەم بابەتە لای ئەوان جێی بایەخ بێت؟ «So what?»

# جیاکردنەوەی زانیاری پەیوەندیدار لە زانیاری ناپەیوەندیدار بە بابەتەکەوە

- گرنگە قوتابییان ڕابهێنرێت لەسەر جیاکردنەوەی زانیارییە پەیوەندیدارەکان بەباتەکەوە لەو زانیارییانەی کە پەیوەندی بەبابەتەکەوە نییە، کە زۆرجار دیبەیتەر بە ئاگایی یان بێ ئاگایانە پەنای بۆ دەبات بە دووشێواز:

1.پشت بەستن بەهێز یاخودترساندن: هەڕەشە لەبەرامبەر دەکرێ لەکاتێکدا هاوڕا نەبی لەگەڵی. نمونە(ئەگەر تۆ باوەڕ بەم بۆچوونە نەکەی مانای تۆ کەسێکی لەهیچ تێناگەی، کۆنەپەرستی، خۆفرۆشی، بێباوەڕی، ناپاکی...هتد)

2. تێکەڵکردنی بابەتەکە بەهەست وسۆز: هەوڵدەدرێ کار لە بیرکردنەوەی بەرامبەر بکرێ لەڕێگەی جولاندنی هەست و سۆزییەوە. نمونە (ئەم بۆچوونە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی یەك ناگرێتەوە)، (چۆن دەکرێت ئێمەی کورد بەو هەموو مرۆڤدۆستییەوە میوانداری ئاوارە عەرەبەکان نەکەین؟)(مرۆڤی موسڵمان بەمجۆرە نادوێ)....هتد

# هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە

- بۆئەوەی قوتابییەکان ڕابهێنین لەسەر کارامەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە گرنگە ئاشنایان بکەین بەو هەنگاوانەی کە بەرەو ئەم کارامەییان دەبات:

1. کۆکردنی زانیاری و بەڵگەی پەیوەست بە بابەکەتەوە.
2. خستنەڕووی ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان.
3. تاووتوێکردنی ڕاوبۆچوونەکان و پشکنینیان بۆ دڵنیابوون لە دورستیی و نادروستییان.
4. جیاکردنەوەی خاڵی بەهێزو لاوازی ڕاوبۆچوونەکان.
5. هەڵسەنگاندنی هەر ڕاوبۆچوونێك بەشێوازیکی بابەتیانە.
6. پێشکەشکردنی ئارگیومێنت لەسەر دروستی ڕاوبۆچوونەکان.

# تایبەتمەندییەکانی بیرکەرەوەی ڕەخنەگرانە


کەسی بیرکەرەوەی ڕەخنەگرانە چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی هەیە لەاونە:

- بایەخدانی تایبەت بە بابەتەکە، کەسێك کە خاوەنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بێت بیرکردنەوەکانی تێکەڵ بەهەموو بابەتێك ناکا، خۆی لەهەموو بابەتێك هەڵناقورتێنێ، واتە قسە لەبارەی بابەتێکەوە ناکا کە زانیاریی پێویست و ئەوتۆی لەبارەیەوە نەبێ.
- دەزانێ چ کاتێك پێویستی بەزانیاری زیاترە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو.
- دەزانێ هەندێ ئەنجام (ڕەنگە ڕاست بن)، و هەندێ ئەنجامیش (بەدڵنیاییەوە ڕاستن).
- دەزانێ مرۆڤەکان تێگەیشتنی جیاوازیان هەیە لە یەکتری بۆ بابەتێکی دیاریکراو.
- لەهەموو بابەتێکی نالۆژیکی و نا ڕوون دەپرسێ و دەکۆڵێتەوە.


# تایبەتمەندییەکانی بیرکەرەوەی ڕەخنەگرانە

- جیاوازی دەکات لەنێوان بیرکردنەوەی سۆزگەرایی و بیرکردنەوەی لۆژیکیانە.
- پشت بە سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراو دەبەستێ و ئاماژەیان پێدەکات.
- بەهەمان ئەندازە بە بایەخ و گرنگی بە هەموو ڕەهەندەکانی بابەتەکە دەدات.
- بەردەوام لەسەر خاڵی سەرەکی و کرۆکی بابەتەکە دەمێنێتەوە و لێی دوورناکەوێتەوە
- لەکاتی هەبوونی ئارگیومێنتی پێویست هەڵوێست وەردەگرێ یاخود واز لە هەڵوێستێك دەهێنێ.

# Academic Poster Structure



# Academic Poster Size



# 5. ئامادەکردنی پۆستەر (Poster Design)

1) Launch PowerPoint
2) Change the slide orientation to portrait.
Design>>>Slide Orientation>>>portrait or Landscape
3) Show Gridlines
View>>>Show Group>>>Gridlines
4) Choose a Blank slide
Slides Group>>> layout >>> Blank
5) Choose a slide theme
6) Add a Logo
7) Add a Title
Insert>>>Illustrations Group>>> Shapes >>>
8) Add secondary information
9) Add visual content
10) Finalize the slide

# ڕاپرسی چییە؟

- ڕاپرسی بێلایەن و زانستی، کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ و بابەتییە، لەسەر بنەمایەکی زانستی داڕێژراوە و ئامانجی هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی ڕای گشتییە سەبارەت بە پرسێکی دیاریکراو یان کۆمەڵێک پرس و بابەتی دیاریکراو.
- تەوەر و پرسیارەکانی هەر ڕاپرسییەک، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی یاخود نیمچە ڕێکخراو ڕووبەڕووی ژمارەیەک خەڵک دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن لە وەڵامەکاندا هەستەکانیان و باوەڕەکانیان دەرببڕن.
- پرسیارەکان بەدوای وەڵامی ڕاست و هەڵەدا ناگەڕێن، هەموو وەڵامێک ڕاستە کە گوزارشت لە هەست و بۆچوونی ڕاستەقینەی وەڵامدەرەوە بکات.
- ئەنجامی ڕاپرسییەکان شیکاری و لێکدانەوەی چەندیی و ژمارەیی بۆ دەکرێت، بەو مەرجەی هەموو هاووڵاتییەک مافی یەکسانی هەبێت لە بەشداریکردن لە ڕاپرسییەکاندا، بۆ ئەوەی نمونەی ڕاپرسی نوێنەرایەتی فراوانترین ژمارەی دانیشتوان بکات لەسەر هەموو ئاستێکی دیمۆگرافی و جوگرافی.
- ڕاپرسی یەکێکە لە کاریگەرترین میتۆدەکانی پیوانەکردنی ڕای گشتی و جەماوەر سەبارەت بە هەموو پرسێک کە کاریگەری و پەیوەندی بە ژیانی هاولاتیانەوە هەبێت.

# ساغڵەمی و تەندروستی (Health and Safety)

- بۆچی سەلامەتی و تەندروستی گرنگن؟
- هۆکارەکان دەکرێن بە سێ پۆلەوە:
  - ئەخلاقی: بەرپرسیاریەتی لە بەرامبەر ئەوانی تر
  - یاسایی: بەرپرسیاریەتی لەبەردەم یاسا
  - دارایی: بەرپرسیاریەتی بۆ پاشەکەوتکردنی پارە.

# بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی

- ئەگەر کەسێك لە مالەکەی تۆدا رووداوێکی کرد کێ بەرپرسیارە؟
- ئەگەر کەسێك لە کاردا رووداوێکی ئەنجامدا کێ بەرپرسیارە؟
  - ئەگەر شوێنێکی خۆیان بە ئامێرێك بڕی؟
  - ئەگەر چەقۆیەکی بە سویچپلاکێکدا کرد؟
- **بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی بەرپرسیاریەتیەکی هاوبەشە**
- بەرپرسیاریەتی خودی
- بەرپرسیاریەتی هاوکارەکانت لە کاردا
- بەرپرسیاریەتی فەرمانبەران
- بەرپرسیاریەتی لایەنی سێیەم ( میوانان و کەسانی پیادە و رەتبوو و هاتوچۆی ترافیك )

- **بۆچی سەرۆك کار بە بەرپرس لە کاری فەرمانبەرانی دادەنریت؟**
  - ئەرکی چاودێری و گرنگیدان

# بەرپرسیاریەتی یاسایی

**یاسا لەبارەی سەلامەتی و تەندروستیەوە چی دەڵێت؟**

- مەترسی بۆ سەر کارمەندان
- مەترسی بۆ سەر کەسانی تر

- یاسای تاوانی: دەکرێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ دامەزراوەکان بکرێت و دادگایی بکرێن ئەگەر دەرکەوت کە سەرپێچی رێکاریەکانی تەندروستی و سەلامەتیان کردووە.
- یاسای مەدەنی: ئەو کەسانەی کە زیانیان بەردەکەوێت دەتوانن داوای یاسایی بۆ ئەو برینانە یان ئەو کوشتنانە تۆماربکەن کە لە ئە نجامی چالاکی کارەوە روودەدەن.
- شکست هێنان لە ئەرکی چاودێریکردن

# بەرپرسیاریەتی دارایی

- تێچووەکانی رووداوێك لە سەر کاردا چەندە؟
- تێچووە راستەخۆکان:
  - تێچووی چاودێری تەندروستی و مۆڵەتی بە مووچەی نەخۆشی و لە دەستدانی کاتی کارکردن.
  - تێچووی زیان کەوتن بە ئامرازەکان
  - تێووی قەرەبووکردنەوە/ پێبژاردن.
- تێچووە ناڕاستەوخۆکان
  - لە دەستانی ورەی کارمەندان (کاریگەری بەسەر ئاستی بەرهەمهێنانەوە هەیە)
  - زیان کەوتن بە وێناکردنی گشتی و نیازپاکی و پەیوەندیەکانی کار
- زیان بەهۆی کەمتەرخەمی یەوە.

# کۆنترۆڵکردنی ئەگەری مەترسیەکان

یەکەم: مەترسیەکانی ئۆفیس

- سکرینە پیشاندەرەکان (دەبنە هۆی کێشە بۆ چاو)
- ئێشی پشت لە ڕێگەی کورسیەکانەوە دروست دەبن
- "شێواوی رووی سەرەوەی دەستەکان" بە هۆکاری تایپکردنی کۆمپیوتەری

دووەم: گرژی و فشاری کار

- گرژی دەبێتە هۆی نەخۆشی دەروونی و جەستەیی, دەکرێت ئەمەش لە ڕێگەی داواکاری زۆر و پەیوەندی لاواز لە شوێنی کاردا و بەرپرسیاریەتی ناروون و گۆڕانکاریەوە بێتە بەرهەم.
- کۆنترۆڵکاریەکان:
  - پێویستە بڕی داواکاری کارکردن پاساودار بێت.
  - سیاسەتی روون لە بارەی پەیوەندیەکانی کار و رەوشتە ئاکاریەکان
  - ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی روون
  - روونکردنەوەی گۆڕانکاریەکان و وەرگرتنەوەی زانیاریە پێدراوەکان لەسەریان

# کۆنترۆڵکردنی ئەگەری مەترسیەکان

- سێیەم: دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتیەکان بۆ کارمەندان
  - بوونی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە
  - دابینکردنی تەوالێت و دەستشۆریی پاك
  - شوێنی خۆ گۆڕین و شوشتنی کەلوپەلەکان ئەگەر پێویست بوو ( بۆ نمونە بۆ کارمەندانی میکانیکی )
  - لۆکەر و شوێنەکانی تری کۆگاکردن
  - شوێنەکانی نان خواردن و پشوو وەرگرتن
    - شوێنی پشووەکان، شوێنی پاکوتەمیزی نا نخواردن، پێداویستیەکانی گەرمکردنەوەی خواردن، قاوە، هتد.

# سەرچاوەکان:


- Stella Cottrell, Critical Thinking Skills: Developing Effective Analysis and Argument (Palgrave Study Skills) 2nd edition: In Stock, 2005.
- Chaffee, J., Thinking Critically, 7th edition. Boston: Houghton Mifflin Company. 2003.
- Richard W Paul.Linda Elder, Critical Thinking: Tools for Taking Charge of Your Professional and Personal Life Pearson 2nd edition, FT Press, 2013.
- John Butterworth. Geoff Thwaites, Thinking Skills: Critical Thinking and Problem Solving (Cambridge International Examinations), Cambridge university press, 2013.
- Critical Thinking Skills: Developing Effective Analysis and Argument, 2nd edition. Palgrave Macmillan, 2011.
- https://www.youtube.com/watch?v=DwWY6HtI9jk
- https://cyfar.org/data-sources